# کوللەکانی دەستەڵات و هەڕەشەی مەرگ لە نووسەران

رێناس جاف

بەینێکە و ئەو دەستەڵاتەی بە پاڵ پشتی جەماوەر، ئەمڕۆکە سەرێکی لە نێو سەراندا هەیە و لە بەری ڕەنجی گەل دەخواتەوە،مخابن بە بێ بەزەییانەترین شێوە کەوتۆتە گیانی قەڵەم بەدەستانی هەمان جەماوەر و هەتا دێ پتر پشت دەکاتە خواستە ڕەواکانی جەماوەری. غافڵ لەوەی ئەم نووسەرانە، دڵسۆزانی هەمان گەل و نیشتمانن کە ئەوان ئێستا حوکمی دەکەن. لەسای خوێنی گەشی شەهیدانی هەمان گەلدایە کەوا ئەمڕۆکە کورد نیوچە حوکمێکی دەس کەوتووە.نیوچە حوکمەکەی ئەمڕۆکەی باشووری کوردستان،دەستکەوتی کۆڵنەدان و نەبەزی ڕۆڵەکانی هەمان ئاو وخاکە.کەچی دەستەڵاتدارانی ئەمڕۆکەی باشووری کوردستان، بە پۆخڵ ترین چەکی وەردەستیان دەکەونە گیانی نووسەرانی ئازاد ئەندێش و ئازاراویان دەرخوارد دەدەن. ئەمە ڕاس یانێ پشت کردنە هەموو داخوازێکی ڕەوای گەلی. پڕ ڕوونە ئەم هەڵوێستە چەوتە، ئەوان بەرەو هەڵدێری نەهامەتی و نوقمبوون لە نێو حوکمێکی ڕەشدا دەبات و هەتا دێ زێتر لە جەماوەریان دوور دەکاتەوە. کاتێ ئەو دەستەڵاتەی کە حوکمەکەی لە دەنگی جەماوەر وەرگرتووە ،دژ بە هەمە چەشنە داواکارێکی بەرحەقی چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەوەستێ، دەبێ ئێنتزاری ڕۆژانی ڕەشی دادێ بکەین.

بێ سێ و دوو نووسەران و ڕووناکبیرانی هەموو گەل و نەتەوەیێک، بیرە وشیار و بە ئاگاکانی هەمان گەل دێنە ئەژمار. بە هۆی بیر و هزری سەربەستی ئەوانەوەیە، چرای میللەت دایمە پڕ شۆق و گەش دەنوێنێ. نووسەران ئەو پۆلە مەلە ئازادانەن هەردەم بۆ ئازادی دەخوێنن و بەرپێی خەڵک ڕوون دەکەنەوە. ئەوانن پێشەنگی جڤاک و کۆمەڵگەکەیان و ناوی گەل و نیشتمان، بە هۆی ئەوانەوە بەرزە. ئەو گەلەی بە درێژایی ئەو هەموو ڕۆژگار ڕەشییە ،قەت نەچووەتە ژێرباری دوژمنانی و ساتێ کۆڵی نەداوە هەتا ئازاد و سەربەست بژی،بۆ دەبێ هەنووکە بەدەس ئەوانەی بچەوسێندرێتەوە بۆ خۆ لەو پێناوەدا خەباتیان کردووە و تووشی گەلێ چەرمەسەری بوونە؟!

لە ماوەی ئەم چەن ساڵی ڕابوردووەدا کە سێبەری چڵکن و بۆری ناحەزانی گەل بەسەر کوردستانەوە نەماوە و کەشێکی ئازاد بۆ ژیان و هەڵمژینی هەوای پاک، پێک هاتووە و بەرەی ڕۆژگارێک خەبات و کۆڵنەدان، دەرفەتێکی بۆ ڕابوونی ڕووناکبیری لا ڕەخساوە، بەداخەوە پیاوانی پوت و کوللەکانی دەستەڵات، بەر بوونەتە گیان و جەستەی هزرمەندانی گەل و هەتا دێ ئەم بەشەی کۆمەڵگە، هەستی زێتر دەڕووشێ و فرەتر بریندار دەکرێت.

هەتا پێرێ قوتابخانەکەی "ڕێبوار سیوەیلی" دەسووتێندرا و لە بەر بیر و ڕای تاکی، وەبەر پەلامار و هەڕەشە و گوڕەشە دەکەوت، دوێنێ "فەرهاد پیرباڵ" لەبەر وشیارکردنەوەی خوێندکاران و تەکانێ بەخشین بە ڕەوڕەوەی بێ بزاوت و جوڵەی

زانکۆکانی کوردستان،لەسەر کار لابرا و ئەمڕۆکەش نۆرە گەیشتۆتە "دوکتۆر کەماڵ سەید قادر" و ڕۆژانێکە یەخسیری دەس ئەو کوردستانەیە ئاواتی ئەو بوو کوردیش بێتە خاوەنی حوکمێکی سەربەخۆ.
دیارە ئەو دەستەڵاتەی شەرعیەتی خۆ، لە زۆری سەرەنێزە وەرگرێ و هەردەم ڕووی تیژ و دەمە زەردەکەی هەمان نوکە ڕمب، لە جەستەی ڕووناکبیران و نووسەرانی کۆمەڵگە بێت، بۆ خۆ بێژە دەبێ هەتا چەند بە دوا ڕۆژ گەش بین، بین!!
بیری ئازاد،لە کۆمەڵگەی ئازاد دا سەرهەڵدەدات، هەموو جڤاک و کۆمەڵگەیێکیش،بۆ هەنگاونان بەرەو پێشکەوت،پڕ قەرزداری هەوڵ و تێکۆشان و چالاکی هزرمەند و بلیمەت و پسپۆڕەکانیەتی ،بەڵام کاتێ بەرپێی ئەو توێژەی کۆمەڵ دڕک چن بکرێ و ئیزن بە سەرهەڵدانی هیچ چەشنە ئەندێشەیێکی ئازاد نەدرێ، تۆ بێژە چار چییە؟!
بەرەو ڕووبوونەوەی ڕاستەخۆ و ورووژاندنی جەماوەر، سەرەکیترین ئەرکی سەرشانی ڕووناکبیر و نووسەرانی پێشەنگی کۆمەڵە. هەمان ئەرکی گەلێ گران، کەسانی مینا دوکتۆر کەماڵ ،پێی هەستان و ئەمڕۆکە لە سای وتار و نووسینەکانی ئەوانەوە جەماوەر تەکانێکی وەخۆ داوە و بەدڵنیاییەوە سبەی کوردستان بۆ بیرکراوەیی، ڕوونتر لە ئەمڕۆ دەبێت،ئەرچی گۆمی خوێنیش هەستێ و زۆر ئەندێشەی بەرزیش ببنە قوربانی.
داخ ئەوە دەستەڵاتدارانی کوردستان، ئەو ماف و حەقە بە خوێن مژترین کەسان دەبەخشن لە خۆ بەرەوانی بکەن و پارێزەر بۆخۆ بگرن،کەچی بە ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە، سووکە حەقێکیش ڕەوا نابینن.
ئەوانەی هەتا دوێنێ هەزاران کوردیان ئەنفال دەکرد،سەدان گوندیان خاپوور دەکرد، بە ملوێنان کەسیان ئاوارەی نادیارستان دەکرد،دەبێ ئەمڕۆ لەبەر ژستی دیمۆکراسییەتی بەڕێزان،هەموو مافێکیان پێ بدرێ هەتا لە دۆزەخیترین کردەی خۆ بەرەوانی و دیفاع بکەن،لێ بە قەدەر سەرە سووژنێک لەو حەقە، بۆ هزرەسەربەستەکانی هەمان گەل، بە ڕەوا نازانرێ.
میللەت گلەی لەوەیە بۆچ لەبەر قازانج و بەرژەوەندی حیزبی،دەبێ وڵات ئەوەندە وێران بکرێت؟! بۆچی دەبێ کاروباری ئەو کوردستانە، تەنێ بەدەس چەن کەسێک بێت و ئەوەی کوردی ژیر و بە بیرە، دەبێ پەڕیوەی وڵاتان بێت و لە دوورەوە هەر ئەشکی حەسرەت بۆ نیشتمانەکەی هەڵوەرێنێ؟!
ئایا کوردستان هەر بە تەنێ ملْکی یەک و چەن کەسێکە؟ ئایا بۆ بەئەنجام گەیاندنی خەباتی ئەم گەلە ،هەر بە تەنیا تاقم و گرووپ و پارتێکی تایبەت،تێکۆشاوە؟!
ئەمە بڕواتان بێت ئەوپەڕی نەگبەتییە بەرۆکی ئێمەی کوردی گرتووە. باشە سەرانی ئەمڕۆی باشووری کوردستان ئەی چەمەڕان کێ بێت و دڵسۆزانە هەڵە و پەڵەکانیان بۆ ڕاس بکاتەوە؟!
ئایا بە گرتن و بێ سەر و شوێنکردنی نووسەرانی گەل و قەڵەمە ئازا و بە جەربەزەکانی کورد،کوردستان ئەبێتە ئەو بەهەشتستانەی ئەوان مژدەیان بە گەل دەدا؟!
ئایا فزەنەکردن و بێدەنگی لە حاند هەموو سووچ و تاوان و خەتا و لادان و هەڵە و سەرپێچی و گزیکاری و گەندەڵییەک، کوردستانمان لێ دەکا بەو شاری ئارەزووەی، گشت

کوردێک عومرێکە ئینتزاری دەکات؟! ئایا ملکەچبوونی جەماوەر لە حەنای هەموو کار و کردەییکی دەستەڵاتداران،بەهەشتی مرازمان بە نەسێب دەکات؟!
گەلێ ڕوونە وەرامی ئەو هەموو پرسیارە نایە. ئەی لەبەر چی ئەم وڵاتە ئاوەدانە، ئەمڕۆکە وای بەسەردا دێ و بەو دەردە دەبردرێ؟! کورد عومرێکە وانەی خەبات بۆ سەربەستی و ئازادی،بە ڕووپەڕەکانی دیرۆک دەبەخشێ. ئەم گەلە، لەمێژ ساڵە بانگی ئازادیخوازی سەرهەڵدەدا و لە کوێی ئەم گەردوونە ،ڕاپەڕینێکی جەماوەری خۆی دەرخستبێ،لاگری لێوە کردووە،کەچی دەبێ ئەمڕۆکە بۆ خۆ بکەوێتە سەرکوتکردنی ئەو بیر و هزرە سەربەستانەی، گەرەکیانە ژیانی ئازاد، فێری بەرەی ئەمڕۆ بکەن. ئەمە تاوان و غەدرێکی ئێجگار گەورەیە دەرحەق بەو بەرەی، هەموو شتێکی خۆی خستە خزمەت پێ گەیاندن و بە ئەنجام گەیاندنی هەمان هەوڵی پیرۆز.
ملکەچی و بێدەنگی و سەرکوتکرانی هەموو دەنگێکی ئازا و بەجەرگ،کۆمەڵگەییکی گێل گەوج و شەل و کوێر بار دێنێ کە سبەی دەبێتە پەڵەییکی بۆر بە نێوچاوانی بەڕێزانەوە. بۆیە دەبێ گەر بەرژەوەندی میللەتەکەیان دەخوازن، ئیزن بە قەڵەمە دڵسۆزەکان بدەن، بارە لارەکانیان بۆ ڕاس بکەنەوە ئەگینا سبەی و دووسبەی، ئیدی زۆر درەنگە و گشت هەلێکی زێڕینیان لەدەس دەرچووە.

19 گەلاڕێزانی 2705 کوردی